# پەیامی دەست خۆشانەی بەشداربوانی کەمپینی داکۆکی لە داواکانی خەلکی کوردستان

لەریگای ئەم نامەیەوە ئاگادارتان دەکەینەوە کە لیستی هەشتەم دوایین لیستی ئەم یاداشتەیە و لیرەدا جاریکی تر دەست خۆشانە لە هەموو بەشداربوانی کەمپینی داکۆکی لەداواکانی خەلکی کوردستان دەکەین بۆ بەرزکردنەوەی دەنگی ناڕەزایەتیان لەڕێگای ئەو یاداشتەوە کە بەرزکرایەوە بەڕووی دەسەڵاتدارانداء. بەتایبەتیش دەست خۆشانە لەو دە سایتە کوردیە دەکەین کە بەشداریان لەم کەمپینەداکرد.

بێگومان ئازادبوونی خۆپیشاندەرانی کوردستان تەنها یەکێك لەداواکانی خەلکی کوردستان وئازادیخوازانە لەدەرەوە ئەمە یەکێك لە بەرهەمی سەرکەوتنەکانی خۆپیشاندانەکانی جەماوەری کوردستان بەرامبەر بە سەرکوتی دەسەلاتداران . ئەم سەرکەوتنە نیشانی دا کە جەماوەر لە پیناو دابینکردنی کارەبا وسوتەمەنی وپیویستیەکانیان بەردەوام دەبن . پیویستە ئەو یەکدەنگیەی خەلك و دەستەی نارەزایەتیەکان لە کوردستان وئازادیخوازان لەدەرەوە بکەینە بناغەی دروستکردنی یەکێتی و کاری هاوبەش و ریکخراوانەی جەماوەر و دەستەی داکۆکی وکۆمەلەی نارەزایەتیەکان . ئێمە بانگەوازی هەموو دەستە وکەسایەتیەکانی بەشدار لە کەمپینی داکۆکی و یاداشتنامەی نارەزایەتیدا دەکەین کە بۆ سەرخستنی ئەم خەباتەی خەلکی کوردستان لە پیناو دابینکردنی مافەسەرەتاییەکانیدا ناوەندی هاوبەشی دەستە وداکۆکی پیك بهێنن و لە هەموو شاروشارۆچکە و وولاتیکدا دەستەکانە داکۆکی پیك بهێنن. ئەمە دەستکەوتی ئەم دەروەیەی خەبا تمانە وڕیگای زەمانەتی سەرکەوتنی ئەم خەباتەی جەماوەری کوردستانە.
ئێمە جاریکی تر دەست خۆشانە لە هەمووتان دەکەین بۆ سەرخستنی کەمپینی بەرزکردنەوەی یاداشتی ناڕەزایەتیەکە. لێرەدا ڕایدەگەیەنین کە لەگەڵ دەستەکاندا لەسەر هەمان ناوەرۆکی یاداشتەکە و داوای ئازادی خۆپیشاندان و دابینکردنی کارەبا وسوتەمەنی درێژە بە کارەکا نمان دەدەین .

هاوریتان

ئاسۆ کمال

لەلایەن کەمپینی داکۆکی لە داواکانی خەلکی کوردستان

01/09/2006